Research Center



# دۆزینەوەی گازی سرووشتی چ واتایەکی بۆ تورکیا هەیە؟

24-08-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : ڕۆژی هەینی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا دۆزینەوەی 320 ملیار مەتری سێجا گازی سرووشتی لە دەریای ڕەش ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە لە ساڵی 2023 دەست بە بەرهەمهێنانی ئەو گازە دەکەن.

RRC |

عومەر ئەحمەد |

ڕۆژی هەینی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا دۆزینەوەی 320 ملیار مەتری سێجا گازی سرووشتی لە دەریای ڕەش ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە لە ساڵی 2023 دەست بە بەرهەمهێنانی ئەو گازە دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆککۆماری تورکیا دۆزینەوەی گازی سرووشتی لە دەریای ڕەش وەک مزگێنییەکی گەورە بۆ گەلی تورکیا ناوزەدکرد و هەوڵیدا بەمەبەستی سیاسی ئەو ڕووداوە زۆر گەورە بکات، بەڵام بۆ زانینی گرنگی و گەورەیی ئەو دەستکەوتە، دەبێت چاو لە کاردانەوەی بازاڕی تورکیا بکەین دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە.

لە ڕاستیدا لە ڕۆژی هەینی، دوایین ڕۆژی داخستنی بازاڕ لە هەفتەی ڕابردودا، بەهای لیرەی تورکیا پێش ڕاگەیاندنی هەواڵی دۆزینەوەی گازی سرووشتی ئاراستەی بەرەو بەرزبوونەوە بوو، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی هەواڵەکە، ئاراستەی دابەزینی گرتەبەر و بەرێژەی 0.6٪ دابەزی. بۆرسەی ئیستەنبووڵیش هێندە سوودی لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دۆزینەوەی گازی سرووشتی لە تورکیا نەبینی.

بەهای پێنوێنی بۆرسەی ئیستەنبوول، ڕۆژی هەینی بە ڕێژەی 1.8٪ دابەزی. لەوەش سەرنجڕاکێشتر دابەزینی بەرچاوی بەهای پشکی کۆمپانیاکانی بواری وزەی تورکیا وەک تۆپراش، ئەکاس ئینێرجی و ئای گاز بوو.

لەڕاستیدا بازاڕەکانی تورکیا چاوەڕوانی دۆزینەوەی قەبارەیەکی زیاتر لە گازی سرووشتی بوون و خۆیان بۆ ئەوە ئامادەکردبوو، بەڵام مزگێنییەکەی سەرۆککۆماری تورکیا بێهیوای کردن. هەرچەندە دۆزینەوەی گازی سرووشتی بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا کە ساڵانە 45 ملیار پێی سێجا گاز دەسووتێنێت ڕووداوێکی گەورەیە. تورکیا ساڵانە بەپێی نرخی گازی سرووشتی لە نێوان 35 ملیار تاوەکو 60 ملیار دۆلاری بۆ هاوردەکردنی گازی سرووشتی خەرجکردووە.

دۆزینەوەی هەر بڕێک گازی سرووشتی کە لەرووی ئابوورییەوە شیاوی دەرهێنان بێت، هەواڵێکی خۆشە بۆ تورکیا بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی گەورەی بازرگانی بووەتەوە کە بەشێکی زۆری بۆ هاوردەکردنی گازی سرووشتی دەگەڕێتەوە.

تورکیا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بە گازی سرووشتی بە توندی پشتی بە هاوردەکردنی گازی سرووشتی لە ئێران، ڕووسیا و ئازەربایجان و هەروەها هاوردەکردنی گازی شلکراو لە هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقی و قەتەر بەستووە. بەڵام بەردەوام ئارەزووی دۆزینەوەی گازی سرووشتیی لە کەناره ئاوییەکانی خۆی لە دەریای ڕەش و دەریای مەدیتەرانە هەبووە.

لە دوو ساڵی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا، 3 کەشتی تایبەت بە دۆزینەوەی نەوت و گازی لە ناو دەریاکان ناردووەتە کەناره ئاوییەکانی و بە هەرچەشنێک بێت دەیەوێت بیسەلمێنێت کە خاوەنی یەدەکی نەوت و گازی سرووشتییە.

کەشتی فاتح کە لەساڵی 2018 نێردراوەتە دەریای ڕەش، دوای هەڵکۆڵینی 4525 مەتر توانی بەسەرکەوتوویی کێڵگەی گازی تونا-I بدۆزێتەوە کە بەپێی کۆمپانیای نەوتی تورکیا، TPAO، تێکڕا بەبڕی 2 ملیار بەرمیل هاوتای نەوت، یەدەکی گازی سرووشتی لەخۆ دەگرێت.

TPAO دەڵێت دۆزینەوەی تونا-ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمپانیاکە توانای هەیە لە ئاوە قووڵەکاندا بە دوای سەرچاوەکانی وزەدا بگەڕێت. سەرەڕای ئەوەش تورکیا خاوەنی هیچ ئەزموونێکی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی یان نەوتی خاو نیە لەناو دەریادا. هەربۆیە ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی سوود لەو یەدەکی گازی سرووشتییە ببینێت دەبێت داوای یارمەتی لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی ئەو بوارە بکات.

کۆمپانیای TPAO هێشتا ڕاینەگەیاندوو کە لەو یەدەکە دەتوانێت چ بڕێکی بەرهەمبهێنێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەنگە خودی ئەو کۆمپانیایە هێشتا نەتوانێت ئەو ڕێژەیە دیاریبکات کە قابلی بەرهەمهێنانەو دەکرێت بکرێتە سەرمایە.

دۆزینەوەو پەرەپێدانی گازی سرووشتی لە ناو دەریا یەکێکە لە کارە تەکنیکییە ئەستەمەکان. سەرمایە و شارەزاییەکی گەورەی دەوێت کە تەحەددایەکی گەورەیە بۆ تورکیا بتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت.

تورکیا یەکەم وڵات نیە کە لە دەریای ڕەش بە دوای گازی سرووشتی دەگەڕێت. پێشتر کۆمپانیا ڕووسنەفت لە کەنارە ئاوییەکانی ڕووسیا

له دەریای ڕەش بەدوای گازی سرووشتی گەڕاوە و دەستی نەکەوتووە. لە ڕاستیدا ٨ ساڵ لەمەبەر لە کەنارە ئاوویەکانی ڕۆمانیا کێڵگەی گازی نێپتۆن لەلایەن کۆپانیای ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی و پێترۆمی ڕۆمانیا دۆزرایەوە کە نزیکە لە کێڵگەی تونا-ا، بەڵام هێشتا  پەرە بەو کێڵگە گازییە  نەدراوە و نەگەیشتووەتە قۆناخی بەرهەمهێنانی بەرچاو.

لەلایەکی دیکەوە نرخی نەوت و بەتایبەتی گازی سرووشتی لەسەر ئاستی جیهاندا گەیشتوونەتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە جگە لەڕووی تەکنیکی، لەڕووی داراییشەوە پەرەپیدانی کێڵگەی تونا-ا بۆ تورکیا ئاسان نابێت و ئەستەمە تورکیا بتوانێت لەڕووی دارایی و تەکنیکییەوە هاوبەشێکی گونجاو بۆ ئەو کارە بدۆزێتەوە.

سەرەڕای ئەو ئاستەنگانە، ئەو یەدەکە لە گازی سرووشتی کە لە تورکیا دۆزراوەتەوە بەراورد بە قەبارەی ئەو گازە سرووشتییەی کە لە هەریەکە لە وڵاتانی ئێران و ڕووسیا و ئازەربایجان و هەرێمی کوردستان هەیە، یەدەکێکی ئەوەندە بەرچاو نیە. لەبەر ئەوەش پێشبینی ناکرێت دۆزینەوەی کیڵگەی تونا-ا بە کردەیی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە تورکیا درووستبکات و تورکیا تەنانەت دوای ساڵی 2023 کە ڕایگەیاندووە گازەکە بەرهەمدەهێنێت هەر ناچارە وەک سالانی پێشتر لە هاوردەکردنی گازی سرووشتی بەردەوام بێت.

دۆزینەوەی کێڵگەی تونا-ا و ئەو تەگەرانەی کە تورکیا لە پەرپێدانی ئەو کێڵگەیە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، جارێکی دیکە گرنگی کێڵگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان بەبیردەهێنێتەوە کە لەسەر وشکایین و دەکرێت بە تێچوویەکی زۆر کەمتر پەرەیان پێبدرێت.

بەپێی کۆمپانیا ڕاوێژکارییە سەربەخۆکان، هەرێمی کوردستان خاوەنی 3 تریلیۆن یەدەکی گازی سرووشتییە و قەبارەی ئەو گازەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە هاوتەریبە لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکان بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی گەورەی تێدابکرێت و گونجاوە بۆ ئەوەی لەرێگەی بۆرییەوە هەناردەی تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی بکرێت.